شەپۆلی بارانبارین ناوچە جیاجیاکانی ئیمارات و ناوچەکە گرتەوە

لە چەند ناوچەیەکی جیاوازی وڵاتی ئیمارات بارانەکی بەخۆ باریوە.

سەنتەری نیشتمانی کەشناسی ئیمارات ئەمە لە ڕێگەی پلاتفۆرمی ئەکسەوە ڕایگەیاندووە، کە بارانەکی سووک و مامناوەند لە شاری خورفکان و دەبا ئەلحسن لە پارێزگای شارجە باریووە، هەروەها لەشاری شئم ئەلغەیل لە ڕاس ئەلخەیمە بارانەکی سووک و تەوەین لە فەجیرە بارانەکی مامناوەندی بەخێوەو بینیوە.

سەنتەری نیشتیمانی کەشناسی ئیمارات پێشبینی دەکات کەش و هەوای ئەمە پێنجشەممە نیمچە هەورباتە و ئێگەری بارانبارین لە هەندێک ناوچە کەناراوییەکان و باکوور و ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە هەیە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە شەو و بەیانی سبەی هەینی لە هەندێک ناوچەی کەناراویی و ناوند شەدار دەبێت و ئێگەری دروستبوونی تەمەکی کەم و بای مامناوەند هەیە.

لە هەرێمی کوردستانیش، ئەمە پێنجشەممە کەش هەور و باراناویە، ئەم شەپۆلی بارانبارینە سەرجەم ناوچەکەمان دەگرێتەوە هەروەها لە ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان بەفر دەبارێت.